لاپەڕەیەکی پێچراوە لە ژیانی موفتی زەهاوی

لێکۆڵینەوەی : محەممەد مصطەفا حەمەبۆر
(هۆشەنگ)

مامۆستای بە بڕشتمان؛ شێخ محەممەدی خاڵ، پەڕاوییەکی (140) لاپەڕەیی زۆر گرنگ و بە نرخی، لە سەر محەممەد فەیضی ئەفەندی، بە ناوی: (موفتی زەهاوی) یەوە نووسیوە، وە لە ساڵی 1953ز دا لە چاپخانەی (مەعاریف) لە بەغدا لە چاپی داوە، کە تاکو ئێستا چکەسێك ئەوەندەی ئەو؛ قووڵ و فراوانی لە سەر (موفتی) بڵاو نەکردۆتەوەو، ئەوەندە ووردو زانستیانەو بە (سەرچاوە)ی زۆرەوە لیّ ی نە تۆژ یوەتەوەو بە بینی درێژ و بیّ لایەنانەو دەسپاکیەوە بەدوایا نە گەڕاوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەمدا ئەو سەرچاوەیە بە ڕەمزی (خاڵ)، نیشانە بۆ ئەکەم.

بەڵام کۆنترین نوسراوێکیش کە لە سەر (موفتی) بڵاو کراوەتەوە، لە بەر هەرە کۆنیەکەی کەم کەس پیّ ی زانیوە، ئەویش، ئەوەکەی: (ئەلەکسەندەر ژابا) (1) یە کە چ مامۆستا (خاڵ) وچ ئەو: (4 ـ 5) جارەی کەسانی دیکە لە سەر (موفتی) نووسیویانەو (شت) یان بڵاو کردۆتەوە؛ چکامێکیان نیشانەیان بۆ ئەوەکەی: (أ. ژابا) نە کردوە.

لە بەر ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەمدا دەقی ئەو نووسینەی : (ژابا) و پارچە هەڵبەستێکی بڵاونەکراوەی کە بەناوی (موفتی) یەوەیە، لە گەل ڕوونکردنەوەیەکیش لە سەر هەڵبەستێکی تری بڵاوکراوەی (موفتی) پێشکەش بە هەمووان بە گشتیو، پێشکەش بە بەڕێز مامۆستامان (خاڵ)ی بەتایبەتی ئەکەم، بۆیەڕێگەم بە خۆمدا کە ئەم سەرەناوەی سەرەوەم بەم نووسینەم ڕەوا ببینم، تاکوو ببێتە کەرەستەیەکی نوێی بۆ چاپی دووەمی (خاڵ)و، وەك : دانەرۆکە یەکیش بێ بۆ ئەوانەی شتێکی دیکە لەبارەی : (موفتی) یەوە ئەزانن، بە دوای ئەم لێکوڵینەوەیەمدا بڵاوی بکەنەوە.

بە داخەوە هەڵبەستەکانی (موفتی) زۆر دانسقە دەس ئەکەون، ئەوەتا؛ بەو هەموو کردوکۆشیە بەجەختەی (مامۆستاخاڵ)ەوە هێشتا جگە لە هەڵبەستە کەمەکانی بە زوبانی عارەبی وفارسی و تورکی، تەنیا لە یەك چواربالی و دووتاك و نیوتاکێك و چواریەکە تاکێکی (موفتی)، هەڵبەستی تری ئەوی بە دەست نەهێناوە، کە ئەوا ئەم لێکۆڵینەوەیەشی ئەچێتە پاڵ کە ئەمیش درێژترین نوسراوێکە لە دوای ئەوەکەی (خاڵ)ەوە چونکە (موفتی) ئەوەندە خووی نەداوەتە هەڵبەست دانان، هەروەك لە لاپەرە (50) ی (خاڵ) دا نوسراوە : -

[شاعیری بەناوبانگ (مەعرووف ڕەصافی ی کورد وتوویەتی : ئەوەندەی «من»و «جەمیل صیدقی زەهاوی» بە شیعرەوە خەریکین، ئەگەر «موفتی» زەهاوی» نیو ئەوەندە بە شیعرەوە خەریك ببوایە، گەلێ گەلێ لە ئێمە شاعیر ترو شیعری زۆر تر ئەبوو.].

منیش بە پێی لێکۆڵینەوەم لە سەر (موفتی)و هەڵبەستەکانی ئەوا ئەم ڕستەیەی دوایی ئەخەمە سەر ئەو فەرمودەیە و ئەڵێم : -

وەك لە هەڵبەستەکانی (موفتی) یەوە دەرئەکەون کە زوربەیانی کوترپری و لە بۆنەیەکی تایبەتیدا و بە بێ خۆبۆ ئامادە کردن واتە؛ بە دەمی و (ئیرتیجالی) دەری بریون و ئەوەش بوتە هۆی زۆر بڵاو بوونەوەی هەڵبەستەکانی و گەلێ جاریش نەگونجاوە بنوسرێنەوە لەوکۆرانەدا و لە ناو چوون چونکە بە زۆری دانەنیشتوە بۆ هەڵبەست دانان تاکوو نوسخەیەکی لە لای خۆیشی مابێت، بۆیە؛ دەسکەوتنی هەڵبەستی ئەوکارێکی هەروا ئاسان نیە و ئەوەتا ئەو هەڵبەستانەی کە بە نووسین بۆ خەڵکی ناردوون زوربەیان لە (خاڵ) دا، گرد کراونەتەوە.

لەباری زانستی (موفتی) شەوە لەلاپەرە (104)ی (خاڵ) دانوسراوەکەلە سوکواری (مەرثیە)ی (موفتی دا (سەیید ئەحمەدی راویی واعیظ) ووتوویەتی : [ڕۆشنبیرانی و خوێندەوارانی عیراق لە دوای (موفتی)؛ یا: قوتابی خودی (موفتی)، یا: قوتابیی قوتابیی ئەون].

وەلەبارەی بەرزێتی پایەو کەسەتی (شەخصییەت)و بلیمەتی و پسپۆری (موفتی) یەوە، والیی عوثمانی لەبەغدا (سولەیمان نەظیف) وەك لەلاپەرە (25)ی (خاڵ) داهاتوە ووتوویەتی : [هەموو خاکی دەوڵەتی عوثمانی و تەواوی قەڵەمرەوی؛ شانازی ئەکابە (موفتی زەهاوی) یەوە].

هەروەکوو (موفتی) باوکی ڕۆڵەیەکی وەك هۆنەرو فەیلەسووفی گەورەمان (جەمیل صیدقی زەهاوی)ش بوە و (موفتی) هاونشینی پاشا و گەورە پیاوان بوە وئەمانەش بەرچا و مەزنیەکەی لەوەدابوە کە هەمیشە شوێن هاناو ڕوو تێکردن گەی لێقەوماوان بوە، کە هەڵئەگرێ هەمیشە و بە جۆرەها پەل هاویشن، لە کۆشش دابین بۆ هەرچی زووتر و زۆر تر لە سەر ئەو گرد بکەینەوە و بگرە تا ڕادەی دوکتورا لە سەر هەریەك لە ڕووەکانی ژیانی ولێ هاتوویەکانی ولە سەر هەر ڕێرەوێکی و . . هتد ی بنوسرێ، کە بە داخەوە لە سەر هیوا دوکتورا وەرگیراوە کە بەقوتابیی قوتابیی (موفتی)ش نابێ و موفتیش هیچ و بە پێویستیشی ئەزانم کە هەمیشە بیرەوەریی بکرێتەوە.

بۆیە بە جوونەوەی نازانم وبەشکوو بەلامەوە لە هەرە پێویستیانە کە ئەم چەند دێرەی ناو ئەم لێکوڵینەوەیەم خستوتە پاڵ ئەم دوو سێ باسەی کە لەمەلاو ئەولا

کۆمکردوونەتەوە، بەهیوای ئەوەی شتێکیان لە سەر ئەم نەمرەمان لێ بێتە دبی .

جگە لەمەی لەم لێکۆڵینەوەیەمەمدا پێشکەشم کردوە، زۆر چاك لە یادمە کە؛ لە ساڵی 1981 ز دا لە (قاهیرە) بووم، لە دانیشتنێکمدا لەگەڵ بەرێز و نیشتمان پەروەرمان ماموّستا (عومەرویجدی) لە ماڵی خۆیان، کە لە دەمی ئەوەوە دوو چواربالی و تاکەهەڵبەستێکی دیکەی (موفتی) بە زوبانی کوردی وەتاکێك و چواربالیەکی تریم بەزوبانی عارەبی و یەك تاکی فارسی یم لەوەوە وەرگرتوە کە هێشتا چاپ نەکراون. کە ئەوسایە مامۆستا (ویجدی) لەگەڵ پیریشی دا مامۆستای (فیقهي ئیسلامی) بو لە دانشگای (ئەزهەر) دا چونکە لە میصر دا کەسێکی ئەوتۆ نەبو کەجێگەی ئەوزانا کوردەمان بگرێتەو کە، بەداخەوە لە کاتی ئەم نووسینەمدا ئەو هەڵبەستانەی لەمەر مامۆستا (ویجدی) م لەشرو شاتاڵی پەراویخانەکەمدا بۆ نەدۆزرانەوە، کە دڵنیاشم ماون. هەرکاتێ بەردەستم کەوتن ئەوانیش بلاو ئەکەمەوە وخوا بکات بەرچاپی دوەمی (خاڵ) بکەوێ.

جارێ ئەمە دەقی نووسینەکەی: (أ. ژابا) یە لەبارەی (موفتی) یەوە کە جگە لەوەی لە دواترا لێ ی ئەکۆڵمەوە هی دیکەش هەڵئەگرێت: -

[حکایەتا بیست و حشتێ (2)]

[نەقل دکەن کو د ئەییامێ خەلافەفەتا (سوڵتان ئەحمەد) (3) دانێ ژ قەصەبا خۆشناڤێ، (4) (مەلا محەمەد) (5) ناڤ، مرۆڤەکی زێدە زەکی و ئەهلی عیلم و کەمال پەیدا بویی، کول وان کەناران شوهرەت دیتی، ئیجارێ (6) ژ خۆشناڤێ هاتیە باژێرێ (7) سلەیمانی، و ل ویی دەرێ ژی مدەیەکی مدەریسی کری، ساکن بویی، لاکین فەقیرولحال (8)، مالێ دونیایێ تونینە (9)، ئیجاری ئەهلی سلەیمانی یە، دایم د گۆتنە (مەر محەممەد)ی: کو قنجە (10) توو بچەیی (11) ئستانبوولێ (12)، تووهندە فاضیل و عالیم و کامیلی، ئەلبەتە دێ خونکار (13) وەظیفەیێ کە وەیاخو گوندەکی ل تە (14) ئیحسان بکەتن، ژ ڤی ژارییێ خەلاص دبی.

ئیجارێ (مەلا محەممەد) ژ ی تدارەکا خۆ، هەرچیە (15) دیتی یە، چوویە ئستانبوولێ (16)، دما کوداخلی ئستانبوولێ بوویی، چوویە مەدرەسەیێکی، لاکین سەروو گوهـ (17) پەریشان، هەرچەند گۆت: کو ئەز مەلامەو، ئیبرازی کەمال و عەمەل و عیلم کری یە، ژی چەندان کەسەکی گوهداری (مەلا محەمەد) ی نەکرین، هەرچەند رۆژەکان د نیڤا ئستانبوولێ ساکن بویی، گاە چوویە نك مودەریسان و، گاە چوویە نك شێخولئیسلامێ (18) ئیفادەیی حال کری، ئیمتیحان طەلەب کروو، هێڤیا وظیفەیێکی کری، ئەصلا کەس گوهـ نەدایە، (مەلا محەممەد)ی عەریضە دا، دیسانی توژ ێ چێ نەبوویە، ناچارمایی، بخۆژی جوان (19) بوویە، چوویە چەند رۆژەکا پالەتی (20) کری یەو، چەند قرۆش (21) دراڤی پەیدا کری، بریە دایە (22) دەستەکی لیباسی رەشی ئیرسان (23) ژ سەری حەتتا پیان (24) چێ کرین، و ئینایە رۆژکی صوبەیی (25)، ئەو دەستی لیباسێد (26) ئیرسان بەرکری یە (27)، و عەصایەك (28) گرتیە دەستی خۆ، راست هاتیە دهرێ شێخولئیسلامێ، و گۆتیەمرۆڤید ویی کو: شوولا من (29) د گەل شێخولئیسلامی هەیە، لازمە کوبچمە حوضووری، عەمەلان ژی دەستوو دایێ، (مەلا محەممەد) ڤیافەتا ئیرسان دا راست دچتە حوضوورا شێخولئیسلامی، و سەر هەنگفتە (30).

شیخولئیسلام دبێژە: کو ئیریس وەرە روینێ (31)!

(مەلا محەمەد)؛ روینیتن (32)و، ئیڤادا شێخولئیسلامی دکەتن کو: ئیشەڤە (33) من د (خەو) دیتە کو دینی ئیسلامی حەقە، ئەز هاتمە نك حەضرەتا وە، کو موسیلمان ببم (34).

وەکو شێخولئیسلام ئەڤی خەبەری ژ ئیرس د بهتن

(35) کەیـف خۆش بویــی شاد بتــن، گۆ(36): سەر چاڤــان هاتی، ئیـرسی ئینـا نیـزوکی (37) وکەلي مەیێ شەهـادەت (38) دبێـژ یتە (مەلا محەممە)، ـ وەکو ویا ژ نۆڤە موسیلمان دکەتن ـ گازی مرۆڤێد خۆ دکەتن: کورۆ! ئەڤی ببـەنـە حەمـامی و، دەستـەکی جلێد مەلانی (39) بکـەنــە بەرڤی مرۆڤی و بـ خۆتەذکـەرە دنـویسـە ژ بۆی خونـدکـاری کو، ژ یومن دەولـەتـا حەضـرەتا وە، ئیرۆکە ئیرسەك بـ خۆ، بـ رەضا، هاتیە و موسیلمان بوویی، من ڤرێ کری‌یــە حەمــامی، لاکین من ناڤ دانـەنـایی‌یـە، مەوقووفی ئەمرێ جەنابی خونکاریە و، غەیر ژ ویی ژ ی، دیــــانی شێخــولئیســلامی تەذکــەرە نویسی ژ بۆی صەدرولئــەعظــم (40) و، ریـجــال وکیبــاران، کو؛ ئەحوالەکي وەها قەومیە، مزگین دایە ئێکوو دوو.

خوندکاری؛ قەوی حەظ کری، ئەمر کر کو: بلانی، ناڤ لێ دانــەینن (41)، حەتتــا کو ئەزژ ی بـ خۆ بێمـە سلاڤیا ی، ئەوی (42) ببینم و، ناڤەکی موبارەك لەوی دانێم.

خولاصـە؛ (مـەلا محـەممـەد)ی دبـەنـە حەمـامی و لیبـاسێد مەلاتی (43) فاخیر دکەنە بەرو (44)، بـ شەڤ خونـدکـار بـ خۆ تەشریف دبتە مەنزلا شێخولئیسلامی و، (مـەلا محەممەد)ی دبینتن و، پیێ ی کەیف خۆش دبتن، پاشی ئیجـاری خینـدکـار (45) ئەمر دکەتن کو؛ نافەکی مونــاسیب ل ویی ئیــرسی ـ کو گۆیـا موسیلمـان بویی ـ دانین، پاشی؛ ئەو مرۆڤ بـ خۆ ئیفادە دکەتن کو: من بـ خۆ قەوی مەیــلا ئیسمی (محــەممــەد) (46) هەیــە، ئیجاری خوندکار ئەمر دکەتن کو؛ بلانی، ناڤی ڤی زاتی (محەممەد ئەفەندی) بنن (47).

خولاصـە؛ ناڤی مەلا (محەممەد ئەفەندی) (48) داتینن و، خونـدکـار و، ئەرکـانی دەولـەت و، ریجـالی کیبـار، قەوی، زێرو هەدییە ئیحسان دکەن و، صوبەیی مەلایکی تیـنن و تەنبیهـ دکــەن کو: هەر رۆژ ی وەرە ئۆطیــا (49) (محـەممـەد ئەفـەنـدی) و قنج موقەییەد ببە و، ئەوی بدە خوێندن (50)، ئیدی هەر رۆژ ی موعەللیم تێتن و دەرسا

(محـەممـەد ئەفەندی) وەکوو زارۆکان (51) ئەلف و با تا ددەتە خوندین (52).

لاکین (محـەممـەد ئەفـەندی)، زانینێ کەفش (53) ناکـەتن هێـدی هێـدی رۆژ بـ رۆژ ی (مـەلا محـەممـەد) وەکوو ئیفلاطونی (54) بـ ژوورڤە (55) دچتن، د دوو مەهـان (56) دانی، گۆیـا خەتما قورئانی دکەتن، ئیدی موعــەللیم، ئیفــادا شێخــولئیســلامی، دکـەتن، ئەڤ (محەممەد ئەفەندی): (فەیضی) بێ (57).

خولاصــە، وەهــا هێـدی هێـدی بتـەدریـج (مـەلا محــەممـەد)، دنیڤـا دوو سێ سالانـدا، لنك وان دبتـە مەلایـی مازن (58) قەوی عیـلم دانـی، فایـق دبـتـن، مەعەهازا (مع هذا) ژ بەریدا هندە سالان ئەوی مەلاتی و تەحصیـل کری‌یـە، ئیجـاری دیسـانی شێخـلائیسـلام ضیـافەتەکی عومومی دکەتن و، فەرمان ددەنە (محەممەد ئەفـەنـدی) فەیضی)، کو: بلێ مودەریسـە (59). هەر کەس دویی مەجلیسـدا؛ ژ خونـدکاری بگرە حەتا پاشا و ریجـالی (60) کیبـاران: زێر بێ حسێب ئیحسان ژ بۆی (محـەممـەد ئەفـەندی) ڤرێکرین، میقداری سێ صەد، چارصەد کەس دراڤ پێکتی (61)، و هەدیە و بەهییە بێ قیـاس دانیـە (محـەمـە ئەفـەندی) و زاف (62) تەکلیف دکــریــن کو، ئەم تە بـ (زەوج) (63) ینــیـن، لاکــیـن (محەممەد ئەفەندی) ژ ین (64) و زارۆك لسلەیمانی بێ هەبوون (65) ئاشکار نەدکر.

رۆژەکی (محـەممـەد ئەفـەنـدی) چوویـە حوضـوورا خونـدکـاری، پاشی دوعاو ئەنایێ (66) ئیفادە کر، ئەڤ داعی بئەصل ژ سلەیمانی بێ مەو (76)، ل وان کەناران عیلم قەوی کێمـە، ژ سایا (68) وە، من عیلم تەحصیل کری‌یـە، ئەز نیـاز دکـەم کوچـەنـد کرێـد گونـدان (69) لبـەنـدەیی (70) ئیحسـان و بەرات بکـەی، دا ئەزبەنی (71) بچمــە وولاتێ سلەیمــانی و لویێ دەرێ دەرسـان بێژم و، نەشرا عولومان بکەم.

رجا (محەممەد ئەفەندی) بێ قوبول دکەتن.

سێ هـ کەر گوندێد (73) جەسیمە ل سەر (محەممەد

ئەفەندی) (وەقف) دکەتن و، فەرمان و بەراتان د دەنیٚ و بـ تکرار خوندکار و، شیٚخولئیسلام و، ئەفەندی و، ئەرکانی دەولــەت، هەرکــەسیٚــك میقـدارەکی ئیحسـان ژ بۆی (محەممەد ئەفەندی) ڤریٚدکەتن و، بـ دراڤ ومالکی زاڤ (محـەممەد ئەفەندی) موعەززەز و، موکەررەم، د گەل بار و بارخانە و، فەرمان و بەراتان، ژ ئستانبوولیٚ ڤریٚدکەن و، ئەمـرنـامیـان ژ ی د دەنیٚ و، نووسین؛ کو: (محـەممـەد ئەفـەنـدی) بوان کەنـارانـدا (74) هاتیـە، هەرکـەسـەك عیززەت و ئیکرامی بکەن.

خولاصـەی‌کەلام؛ (مەلا محەممەد) پیٚنج سالیٚد ویی (75) تەمـام دبتن، ئەوژ ی تیٚتن بدەزگـاەو، ئەسبـاب و، تەجـەمـول، تیٚتـە باژیٚـریٚ سلەیمـانی و، ئەهـالی دچنە بەراییکی و بـ ئیکرام تیٚتن ل مالا خۆساکن دبتن و گوندان خەبط دکەتن (76)و، مودەریسی دکەتن (77).

لاکین چەنـد دۆستیٚـد ویی هەبوون ژ قەدیم دا، کو د کەوتنــە هدی (78) ئستــانبــولی، تومزین (79) دبی و گوندان دستیٚنی. ئیجاری ئەو (مەلا محەممەد)، بـ خف (80) دبیٚـژ یتـە دۆستیٚد خۆ: بەلیٚ وەللا ئەز چویمە (81) ئستانبوولیٚ وپیٚنج سالا مایم و هندە ئەسباب من ئینانەو، گونـد بەرات کرینـە، لاکین حەتـا ئەز نەبوومە ئیرس و ژ نۆڤـە موسیلمـان نەبـووم، ئەڤ نە ژ بـۆی‌را مویـەسنسـەر نەبـوون، وەلـلا ئستـانبوول جهەکی قەوی قنجە، لاکین حەتـا مرۆڤی ژ نۆڤـە موسیلمـان نەکـەن، رەغبەتا مرۆڤی ناکەن، و طشتەکی (82) نادنە مرۆڤا.

ئیـــدی پاشی ویی شوولی ناڤیٚ (مــەلا محـەممـەد) مایی، کودگـۆتن: (مـلا محـەممـەد ئیـرسیـان) (83)، وەسانی مەشهوور بوویە، بەلکو حەتتا نهاژ ی ژ ئەولادیٚد ویی ل ویی باژیٚـریٚ پەیـدا دیٚبن (84)، وەللاهو ئەعلەم بیلصەواب (والله أعلم بالصواب)].

★★★★★

ئەمە دەقی چیرۆکەکە بوو، کە جگە لە خاڵ بەندی تیا کردنی و گونجـانـدنی هەنـدیٚ ووشــەی بۆرینـووسی ئیٚستـەمـان، کە لە منـەوەیـە، ئیتـر کوت و مت وەك سەرچـاوەکـەی وەرمگـرتـوەو، ئەمیش پوختـەیـەکی ئەم چیـرۆکـەیـە بە شیـوەی (سـۆرانی) یا: زمـانی ئەدەبی یەگ گرتوومان کە لە سەر خواستی هەندیٚك پیٚشکەشی ئەکەم.

(چیرۆکی بیست و هەشتەم)

ئەگیٚـرنـەوە لە سەرێنی (سوڵتان ئەحمەد) دالە ناوچەی خۆشنـاو (مـەلا محەممەد) ناوێکی زاناو تیٚگەیشتوو بووەو، ناوبـانگی سەنـدوە، چۆتـە سلەیمـانی و ماوەیـەك، بە مامـۆستـایی تیـا جیٚ‌گیـر بوە، لە هەژاریـەکەی خەلکی هانیـان داوە بچیٚتـە ئەستـەمبـووڵ، کە لە پاداشی لیٚ‌هـاتـوویی و زانـاییـەکـەیـدا سوڵتـان فرمـانبەریەك، یا گوندیٚکی پیٚ ببەخشیٚ و لە دەسکورتی رسگاربیٚ.

ئەویش کە چوەتـە ئەستـەمبووڵ، لە هەرلایەك لیٚ‌یان نەپرسیوەتەوەو چی ی بەدەستەوە نەماوە، کەوتۆتە کریٚکاری و، لە پاشـەکـەوتی رۆژانـەکـەی، بەرگیٚکی قەشـەیانەی کریــوەو، سەرلـەبـەیـانیـەك، بەداردەستیٚکـەوە، چوەتـە بارەگـای شیٚخـولئیسـلام، وە رایگـەیـانـدوە کە تی‌گەیوەو بەخەو دیویەتی ئاینی ئیسلام (هەقە)و ئەیەویٚ ببیٚتە ئیسلام.

لەسـەر دەستی شیٚخـولیسـلامـدا بوەتـە ئیسلام، و لە لایـــەن خەلیفــەو صەدرولئــەعظـەم و گەورە پیـاوانـەوە باربـوویەکی بە نرخ کراوە مامۆستایەکی بۆراگییراوە کە بە دوومـــانـــگ لە خویٚنــدنی قورئـان بۆتـەوە، خۆی ناوی (محـەممـەد) ی لە دوای ئیسـلام بوونە درۆکەی بۆخۆی هەڵبـژادوەو گەورە پیـاوان پەسـەنـدیان کردوەو خەلیفەش نازنـاوی (ئـەفـەندی) ی پیٚ بەخشیوەو مامۆستاکەیشی لە زیــرەکی‌دا نازنـــاوێکی تری (فـەیضی) داوەتیٚ چونکـە ئەوەنــدە بەهـرەمـەنـد بوە لە زیـرەکیـداو، ئەمجـا بوەتـە (محـەممەد ئەفەندی فیٚضی) و لەویٚ کراوە بە مۆستاو دوای پیٚنـج ساڵ لە سەر خواستی خۆی خەلیفە سیٚ گوندی پیٚ ئەبـەخشیٚ و، دیسـانـەوە گەورەکـان باربوویەکی دیکەی

ئەکەنەوەو بە فەرمانی هومایوونیەوە ئەگەڕێتەوە سلەیمانی .
ئەوسـایـە لە ناو دۆستـانیـا، هەرکە باسی خۆشی و بەڵکی ئەستەمبـوول و کارگوزارەکانی کرابێ (محەممەد ئەفـەنـدی فەیضی) ئەیـوت : ڕاستە وایە، بەڵام هەتا پیاو سەرلـەنـوێـیێ وە نەبێتـەوە ئیسـلام، ناکـەوێتـە دڵی گەورەپیاوانی ئەستەمبوولەوە .
ئەمە بوو دەقی چیرۆکەکەی لەمەر (أ. ژابا)، لە بارەی (مـوفتی زەهاوی) یەوە و پوختەکەی کەئەم چیرۆکەم لەبەر نوسخـەیـەکی ئۆفسێتی دەسنـووسی خوالێخـۆشبـوو ڕۆشنبیـری تێکـۆشـەرمـان (مـامـوستـا صادق بەهائەدین ئامێـدی) کوت ومت وەرگـوتـوەو ئەویش لە کاتی خوێـدا (ساڵی 1978ز لە شاری (ئۆپسالا) ی وولاتی (سوێد) لە بەر نوسخەی پەراویخانەی ئەوێ نووسیویەتەوە، کە بوەتە هۆی ئەوەی ئەم کەڵـەپـووره بەنـرخـە بگـاتـە دەست ڕۆشـنـبیـران کە من لەبـەر ئوفسێتی ئەودەسنـووسـە بەسـوپاسەوە لە پەراویخانەی (مامۆستا موصلیح مصطەفا جەلالی) یەوە ئەم چیرۆکەم لەژێر ناوی (حکایەتا بیست و خشتێ)دا وەرگرت .
ئەوەش ڕادەگەیەنم کە لە مەلاچاك و ناوبانگەکانماندا بەر لەوەی (ژابـا) ئەم چیرۆکەی دەست بکەوێ کەسێکی دیکـەی ئاوەهـا ناوداروزانـامـان بەناوی (مەلا محەممەد ئەفەندی فەیضی) یەوە نەبوە جگە لە؛ (موفتی) زەهاوی .
سەرەڕای ئەوەش، هەمـو سروشـت و ڕەواڵـەتـی (مـوفتی)؛ بە پێ ی (خـاڵ) و لێکـۆڵینـەوەی خۆم، لەم چیـرۆکـەی (ژابا) دا هاتوە وەك : (مەلا چاکی، زیرەکی، زانـایی، بەڕێـزی، بەنـاوبـانگی، مامـۆستـایـەتی دەسکـورتی، خورتی، ووردی، تێـزکـاری (سوخریە)، یاخی‌گـەری، نامـۆیی، وبوونی لـەسلەیمانی داو ناسینی سروشـت و دەمـاری کاربـەدەستـانی عوسمـانی، چاوقایمی ی وێنەیی، تێ نەکەوتن، کاری بە ڕێی و شوێن کردن، خاوەن گوندێنی لە ناوچەی دیالە و. . . هتد)، کە هەمـو ئەمـانـە ئەم چیـرۆکـە ئەبـەستن بەخـودی (مـوفتی زەهـاوی) یەوە، بەبێ ئەوەی گومانێك لەمەدابێ و، کاری لەمـە سەیـر تریش لە فەرمـانرِوا چەتەگەریەکەی عوثمانی قەومـاوە، کە لە نەزانی و زۆرداریـیـانـەوە، بۆ کەسێکی ساغی وەك (مـوفتی)، ئەگـەر ئاوا نەیان گەیشتبێتێ مافی ڕەوا وەرنەگیراوە .
دوای ئەمـە ئەوا نۆرەی پێشکـەش کردنی ئەوپارچـە هەڵـبـەستـەی (مـوفتی) یە کە لەپێشـەوە بەڵێنی بلاو کردنـەوەیم دا، کە ئەویشم لە کەشکـۆڵێکی دەسنـووسی (محـەمـەد سیـاه) ناوێکەوە وەرگرتوە کە لە سەرەتای ئەم چەرخـەدا نووسیویـەتـەوە، هەروەهـا ئە وهـەڵبـەستە لە کەشکـۆڵێکی کۆنی پەرپـووتی دیکـەمـدایە، کەنووسەرو کات وشـوێنی نووسینی پێـوەنەماوە، حگەلەکەشکۆڵێکی کۆنی تریش، ئیستـە هی بـەڕێز مامۆستا (محەممەد عەلی قەرەداغی) یە، ولەهەرسێ کەشکۆڵەکەدا بەناوی (موفتی زەهـاوی) یەوە نووسـراوە و ئەمـەش هەڵبـە ستـەکـەیە کە هێشتە چاپ نەکراوە : -

(هەڵبە موفتی زەهاوی)

عەزیزێ پێ ی‌گوتم : ئەی‌فیکری بیکرن!
موحەللایە، بەنەحقیق و ئیشارەت
ئەمەی وا پێ ی‌دەڵێن : مەشرووطە، عالەم؛
لەعورفابێ، لەچی ئایا عیبارەت؟؟
جەوابم دایەوە؛ مەشرووطە مەعنای :
قوتولی عالەمەو، تالان و، غارەت . .

★ ★ ★ ★

ئەم پارچە هەڵبەستەش کە چل ساڵ پترە دەستم کەوتوە گەلێ جار تێ ی‌ڕاماوم، پرکێشی بلاو کردنەوەیم نەکردوە، چونکـە؛ لەلایـەکـەوە، لە ناوەرۆکی هەڵبـەستـەکە وورد ئەبـوومـەوە کەوا، لەبـارەی خراپـی پەیـڕەوی کردنـی مەشرووطەوەیەو، مەشرووطەش ئەودەستوورە یەکەمینەی عوثمـانی بوو، کە وەك شۆڕشێکی یاسـایی، لەلایـەن لیـژنـەیـەکـی بیست کەسیـەوە، لە ئازادی خوازانی

عوثـمـانـی، بەرپـاکـرا، لەسـاڵی (1876ز) دا و بەسـەرۆکـایـەتی (صەدری ئەعظەم مەدحەت پاشا)، کە یەکێ لە ئەنـدامـەکـانی ئەولیـژنەیە: (محەممەد ئەمین) زەنـدی)ی کورد بوو، ئەوی کە (مـوفـتی زەهـاوی) لە جێگەی کرا بە موفتی.

بەڵام ئەو دەستووره گرنگ و بەکەڵکە نەخرایەکارو هەر بە ناو مایـەوەو فەرمـانـرەواییش هەتـا ئەهـات خرابتر ئەبوو لەگـەڵ گەلـەکانی ژێردەستەیدا تاکوو لە ساڵی (1908ز) دا لە لایـەن کۆمـەڵی یەکێتی و سەرکەوتن (جمعية الاتحاد والترقي) یەوە، پەیرەوی کراو بە مەشرووطەیان ناوبردو لە ئاکامدا ئەویش کەڵکی بۆ گەلان نەبوو.

عەجـەمیش لە ساڵی (1906ز) دا شتێکی وای هەیـە ئەویش ئەنجامی بێسوودیبوو.

لەلایـەکی تریشـەوە بیـرم لە ساڵی مردنی (مـوفتی) ئەکردەوە، کەوەك لە لاپەرە (7) ی (خاڵ) دا هەڵبەستێکی سوکـواری (مـەرثیـە) ی عیـرفـان ئەفـەنـدی تیـایـە کە بۆ (مـوفتی) ی ووتـوەو، ووتـەی: (غاب نجم المعالم) لەو هەڵبـەستەی عیرفان ئەفەندی دا، بەپێی نەریتی ژمارەی ئەبجـەدی؛ ئەکـاتـە (1308) کە ئەمەیش ژمارەی ساڵی کۆچی ی تیـا مردنـەکـەی (مـوفتی) یەو بەرامبـەرە لە (1890ز) و بەم پێـیـە (موفتی) چوارده ساڵ دوای دانانی دەستووری (1876ز) مردوە.

جا ئەگـەر لە ووشەی (مەشرووطە) ی ناو هەڵبەستەکە مەبـەس لەم دەستوورەی ساڵی (1867ز) بێ کە بناغەی (مـەشـرووط) بوە ئەوا لەگـەڵ تەمـەنـی (مـوفتی) دا ئەگونجێ و ئەوسایە لە ژیاندا بووە رەخنەو داشۆرینەکەشی دژ ی ئەو دەسـتـوورەش لەبـەر ئەوە بوە کەئـەو دەسـتـووره یاسای شارستانی (قانوْن مدني) بوە نەك یاسای ئایینی ی (شەرع و دین) و ئەوەش بەپێی پایەی هەرە بەرزی ئایینی کە (مـوفتی) بوویـەتی ئەوا دژ وەستانی (موفتی زەهاوی) لەم هەڵبـەسـتـەیـدا لەجێی خۆیـایـەتی، بەڵام ئایـا بەو دەسـتـوورەی (1976ز) ش ووتـراوە: (مـەشـروطـە)؟ تا بتوانرێ هەڵبەستەکە بەهی (موفتی) دانرێ؟؟

لەلایـەکی تریشـەوە ناوەرۆك و مۆرکی هەڵبـەستەکە؛ شێوەو بیری ئازادی خوازانەی رەپ و راست و سەربەستیە ئایینیـەکـەی (موفتی)ی پێوەیە ئەمەش پشتیوانی ئەوەیە کە (موفتی) خاوەنی هەڵبەستەکەیە.

بەپـاڵ ئەمـانـەشـەوە بەڵگـەیـەك لە هەڵبـەسـتـەکـە لە (مـەشـرووط) ی ساڵی (1908ز) بێت، کە (مـوفتی) بە (18) ساڵ بەر لەم مەشـرووطـەیـە مردوە، ئەوا ناشێ کە هەڵبـەسـتـەکـە هی (مـوفتی) بێ و بەرلـەم مەشـرووط یە بەوەندە ساڵە ووتبێتی.

وەنەبێ هۆی دوودڵیم لە خاوەنی ئەم هەڵبەستە کە هی (مـوفـتـی) یە یان نەء، هەر ئەوەنـدەبـێ، بەشکـوولە کەشکـۆڵێکی دەسنـووسی ترا کە ئەویش ناوی نووسـەرو کات و شوێـنـی نووسینـەوەی پێـوە نیـەو لە هی ساڵـە بیستـەکـانی ئەم چەرخـە ئەکات، کە لەودا بەپێچەوانەی سێ کەشکـۆڵـەکـەی ترەوە، کە هەڵبـەسـتـەکـەیان بەهی (مـوفتی زەهـاوی) دانـاوە، لەم کەشکـۆڵـەی چوارەمـدا هەڵبـەستەکەی بە ناوی تەنیا (زەهاوی) یەوە نووسیوە، کە ئەشزانـرێ (مـوفتی) و (جەمیل صیدقی) ی کوریشی بە (زەهـاوی) بەنـاوبـانکن، هەرچـەنـد (مـوفتی) نازناوی (فـەیضی) و (جـەمیـل صیدقی) نازنـاوی (صیـدقی) و (زەهـاوی) یە کە (27) ساڵ دوای مەشـرووطـەی (1808ز) واتـە لە (1935ز) دامـردوە، کە ئەم تەمـەنەی لەگـەڵ هەرەتی هەڵبـەست دانـانیـدا رێـك ئەکـەوێ و هەڵبـەستیشی بە (کـوردی) وەبـتـوەو چێژگەی زمانی و بیرو شێوەی ئەویش لە هەڵبەستەکەدا هەیە.

هەر لەبـەر ئەم هۆئاڵـوزانـەیـە کە چل ساڵێکـە خۆم بۆهەڵبەستەکە لە بووسە داوە و گینگڵی پێوە ئەخۆم و بەدڵی خۆم بۆم یەکـلا نەکـراوەتـەوە، بەڵام ئەم هەڵـەی ئەم لێکـۆڵینـەوەیەمی بۆ رێکەوت و ئاوا بەرێم خست و جارێ ئەگـەر هی باوك یاکـور بێ کە هەردوو کوردن بۆیـە پێسکـەشی ئەکـەم بەگیانی ناجی مەعروف، کە هیوابارم سەری ئەم گرێیـە لەلایـەکی دیکەدە لەگەڵ هەڵبەست و ئاگەداریی ترا لەسەر (موفتی) سەر هەڵبداو ساغ بکرێتەوە

چونکە جێگەی شانارییە کە ووریا بوونەوەیەکی لەدووی کەلەپوور گەڕان و بایەخ پێدانی لە برەودایە.

دوای ئەمانە ئەوا (بۆنە)ی ئەو تاکە هەڵبەستە فارسیەی (موفتی) کە لەپێشەوە بەڵێنم دابوو کە تەنیا تاکە هەڵبەستەکە لە لاپەرە (66) ی (خاڵ) دا لە ژێر سەرەناوی (شیعری سکالاّ و پەند) دا نوسراوەو لە لاپەرە (127) یشدا لە بەشی هەڵبەستە فارسیەکاندا بەبێ لێ دوانە کە من ئەوا بۆنەکەی پێشکەش ئەکەم، وەك لە پەراوێزێکی فارسی درێژی کەشکۆڵە ناوبراوەکەی (محەممەد سیاە) دایە، ئەم روونکردنەوەیەی دواییم لە مەڕ بۆنەی ئەو تاکەوەیە کە پوختەی پەراوێزەکە بەکوردی ئەمەیە: -

[لە کاتێکا دەستەیەك لە موجتەهیدە کانی ئێرانی دێنە بەغدا بۆ گوفتوگۆی زانستی ئایینی لە سەر ڕاستی ڕێگەی خۆیان، لەگەڵ (موفتی)دا، لە بارەگای والی بەغدادا، بە ئامادە بوونی پیاوە گەورەو زاناو هونەرانی ئەوسا، لە ئاکامدا (موفتی) بۆڕیان ئەداو ڕێگەی ئیجتیهاد کردنەکەیان بەهەڵە دیاری ئەکات و کوتوپڕ ئەم تاکە هەڵبەستە فارسیەی دوایی بۆدێت] و ڕوو ئەکاتە موجتەهیدە بۆڕ دراوەکان، وەك تۆزێ لە دڵشکاویەکەیان لابەرێ و کەمێ دڵنەواییان بکات ئەڵێ: -

«حەیفا، کی دین ئەحمەد مورسەل، بەباد داد؛ دەر سوننیان تەشەییخو، دەر شیعە ئیجتیهاد».

واتە (موخابنێ کە ئایینی (ئەحمەد) ی پێغەمبەری دابەبا، ئەوە شێخی گەرییە لە سوننیەکانداو لە شیعەدا ئیجتیهادە).

ئەمەش ئەو تاکە هەڵبەستە بوو، کە لە پەیکاری روونکردنەوەی بۆنەکەیدام، هەرچەندە نیوباڵی یەکەمی ئەم تاکە جیاوازیی هەیە کە لە کەشکۆڵەکەدا: (ئەحمەدی مورسەل) و لە (خاڵ) دا (پاك نەبی را) یە ئەمجا پەراوێزە فارسیەکە لەسەری ئەڕوات و نووسیویە: [یەکێ لە دانیشتوانی ئەوکوڕی بۆڕ خواردنی (موجتەهیدان)ە، هونەری کورد (نەظیری دەدەی کەرکووکی) بوە، ئەویش کوتووپڕ و دوابەدوای تاکە هەڵبەستە فارسیەکەی (موفتی) ئەم تاکە هەڵبەستە فارسیەی دوایی خۆی لەسەر هەمان کیش و پاشبەند ووتوە کە ئەم جۆرەش نەریتێکی باوی وێژەی کلاسیکی بوە کە ووتوویەتی: -

«ئان کەس، کی، توخم تەفرەقەرا؛ دەرمیان نیهاد: هەم چون (یەزید)؛ لوقمەیی: (هەل مین مەزید باد).

واتە: (ئەوکەسەی کە تۆویی دووبەرکی و ناکۆکی لە نێواندا دانا «چاند» با ئەوکەسە هەروەك یەزیدی کوڕی مەعاویە ببێتە لوقمە «پاروو»ی دۆزەخ «هەل مین مەزید»).

کە ئەم تاکەی (نەظیری) گەلێ گەلێ لەوی (موفتی) وەستایانە ترەولەوپەڕی ووردەکاری و جوانی وێژەیی دایە، وەك ئەوەکەی (موفتی) ساکارو سادە نیە چونکە (موفتی) زانا تربوە لەوەی کە شاعیر تربێ، بەشکوو ئەم (جیناس ئارایی) یەی (نەظیری) لە (یەزید) و (مەزید) دا بەکاری هێناوە کە (موجتەهید) ەکان و هەموو ئیسلامیش ئەو کارەی (یەزید) نەفرین و ئافەرۆز ئەکەن کە بە فرمانی ئەو (حەزرەتی حوسەین شەهید کرا) و لێرەدا (نەظیری) پشت گیری بیری هەڵبەستەکەی (موفتی) ی کردوە مەبەس لەم ووتەی: (هەل مین مەزید) ە (دیاردە) ی ئایەتی 30 هەمینە لە سوورەتی (قاف = ق) ی قورئاندا کە خوای مەزن تیایا فەرموویەتی: -

(يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلْ إمْتَلأْتِ وتَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدْ).

واتە: ئەو ڕۆژەی کە بە دۆزەخ ئەڵێین ئایا پڕ بووی لە گوناهباران، و ئەویش ئەڵێ: ئایا گوناهکاری تر نیە کە فرێیان بدەنە ناوەمەوە؟ و... هتد.

ئەمەش ئەو روونکردنەوەیە بوو کە بەڵێنم دا، پێشکەشی بکەم و بێگومان هەر هەڵبەستەی بۆنەی خۆی هەیە کە دەروون و هەستی هونەر دێنێتە جۆش وهەڵچوون و بەو جۆرەی هەڵبەستەکەی دەری ئەبڕێ، کە بەداخەوە لە ویکەوتنی (بۆنە)ی هەڵبەستە کۆنە کانماندا هێشتا زۆر لە دواوەین چونکە زووربەیان نەنوسراونەتەوە.

ئیتر، تا یەك گرتنەوەیەکی دیکە لەسەر (موفتی)، ئەسپەردەی خوابن و ئەمیش لێکۆڵینەوەمە لەسەر ئەم باسەو بەتایبەتی لەسەر نووسینەکەی (أ. ژابا) کە بەم پەراوێزانەی دوایی پێشکەشی ئەکەم: -

«پەراوێزەکان»

1) (ئەلەکسەندەر ژابا) لە ساڵانی دەوردوبەری (1959) دا شابەندەری رووس بوە لە (ئەرضروم)ی تورکیای ئێستەوعوثمانی کۆن و ئەمیش وەك هەریەکێ لە پیاوە رامیاریەکانی وێنەی (مینۆرسکی، لێرخ، ریچ، بێل، سۆن، وئیدن... و.. هتد) کەهەموو بە سەرزاری بەناوی گەشتوگوزار، یا بەدووی: مێژو، زوبان، وێژەو فۆلکلۆر گردکردنەوەوە؛ کاروباری نهێنیو جاسووسیگەریو پالآنەچێتیە چەپەلەکەی خۆیان و هەڵبژاردنی دۆستە خراپکارەکارەکانیان لە ناو جەرگەی رەشەگەلدا بەئەنجام گەیاندوە کە ئەودەردەیان هێشتە بە نیشتمان وگەلەکەمانەوە دیاریە و پیس ترین نەفرین هەڵئەگرن..

هەرچەندە ئەو کەلەپوور گردکردنەوەشیان بوەتە هۆی پارازتنی ئەم سەرمایە نەتەوایەتیە گرنگ و لەنرخ نەهاتوومان کە شایانی رێزن لەم لایەنەوە.

ئەوەتا (أ. ژابا) لە: پەراوی (جامع ی ریسالیان وحکایتان بـ زمانی کورمانجی) دایا: -

A. Jaba, Recueil de motices et recits Kourdes - Petersboug 1860.

کە برینی‌یە لە ناونیشانی چەند خێلآتیەکمان و کۆمەڵێ ووشەو ناوی؛ کچ و کوری کوردیو چەردەیەك لە دەستووری زمان و دەقی هەندی لە چیروکی فۆلکلۆریو وێژەییو مێژوییو کۆمەلآیەتیو. هتدمان بەشێوەی بادینی، یا: (کرمانجی) ژووروو)و لە کاتی خوێدا ئەوانەی ناردوون بۆ (پۆرتگراد). ئەبێ ئەوەش دیاری بکەم، کە لە مەیانی هەڵسەنگاندنی ئەو پەراویە بەنرخەی (ژابا)دا، جێ جێ کاڵی و سادەیی و هەڵە، لە ناورۆکەکەیدا هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا کە چیرۆکەکەی لەمەر (موفتی) زەهاوی)م لەو پەراویە وەرگرتوە، لەم پەراوێزانەی دواییمدا هەندێ لەو ناتەواوبانەو روونکردنەوەم لەسەریان دیاری ئەکەم.

2) - ئەم چیرۆکە لە سەرچاوەکەی (ژابا) دا (28) هەمین چیرۆکە لە بەشی چیرۆکەکانداو ئەمەش (سەرەناو)ی دەقەکەی ئەوە.

(3) - مامۆستا (مەلا محەممەد ئەفەندی - فەیضی - موفتی زەهاوی) کە لە ساڵی (1208ك) = (1793ز) دا لە سلەیمانی لە دایك بوە ولە ساڵی (1308 ك) = (1890 ز) دا لە بەغدا مردوە، ئەم ماوەی تەمەنەی ئەم، رێکەوتی فەرمانرەوایی (خەلیفەیەتی)ی (سوڵتان ئەحمەد)ی عوثمانی ناکات، وەك لە دەقی چیرۆکەکەدا هاتوە، چونکە لە فەرمانرەوایی عوثمانیدا، سێ (سوڵتان ئەحمەد)ی (یەکەم) و(دوەم) و(سێیەم) هەبوە کەوا خەلیفەیەتیان کردوە کە بەریزە لە نێوان ساڵانی :- (1603 - 1617 ز) و(1691 - 1695 ز) و(1703 - 1730 ز) دا فەرمان رەوا بوون، کەوەك دەرئەکەوێ ساڵی فەرمان رەوایی چ کامێك لەمانە رێکەوتی تەمەنی (موفتی) ناکەن و بەرلەون.

کەواتە؛ بەستنەوەی (سوڵتان ئەحمەد) لەم چیرۆکەی پەراوی (أ. ژابا) دا بەژیانی (موفتی) یەوە ناگونجێو، لە نەزانی گێرەرەوەو، نووسەری چیرۆکەکەو، لێ نەکۆڵینەوەی خۆدی (ژابا) وە بوە، لەکارەکەدا، بەتایبەتی (ژابا) ئەوەندەی مەبەستی نهێنی چەڵی خۆی هەبوە بە پەیوەندی بەستن بەوکەسانەوە کە سادەبوون یا فولکۆریان زانیوەو ئەوانیش یەکسەر ئاگەداری باری کۆمەلآیەتیو مێژ وی گەل بوون وئەوان گوڵی دیواخانان وگەرم کردنی کوری بەزم وخۆش رابواردنی رەشەگەل بوون و پەیوەندی

یەکـەوراستیـان یەکسەر بەهەمو چینەکانی گەلەوە هەبوە ، بۆیـە ، کەسـانی وەك : (ژابـا) کە لە سەرەوە خۆیان وەها پیشـانـداوە زۆر شەیـدای ئەو بەرهـەمـە فۆلکـۆریـانەن و لەژێـریشـەوە مەسیان لێ هەلبژاردنی لەبارترین کەس لەو فۆلکۆر زانانە بوە کە چاکترین سەرچاوە بوون کە بیان کەنە دەسکـەلای کارە نهێنیـەکـەی خۆیـان ، ئەگـەر راستی دا مەبـەستیـان خۆخـەریـك کردن بەم کەلـەپوورەوە نەبوە ، بەلام کردویانەتە (دێوجامەیەك)و لەپشتیەوە خەریکی گیان لەبـەربـرینی گەل و داگیـر کردنی نیشتمـان و هەلمژینی بەرهەمیان بوون .

جا بۆیەك خستنی (مـوفتی) و (سـولتان ئەحمەد) وەك لەم شوێنـەی چیـرۆکـەدا بەهەلە هاتوە من لەدواتر روونی ئەکەمەوە ، کە (موفتی) لە کاتی فەرمانرەوایی کام خەلیفە یا سولتان دا ژیاوە . لێرەدا ئەبێ بەسەرئەوەوە نەچم کە لە فۆلکـۆری کوردی و چیـرۆکـەکـانماندا ناوی (ئەحمەد ، سولتان ئەحمەد، پیر ئەحمەد ، شێخ ئەحمەد و . . . هتد وەك (کـورە کەچـەلـە) یەکجـار زۆر دووبارە بۆتەوە کە ئەم چیرۆکەش یەکێکە لەوانە .

(4) ـ ناوبـردنی (قـەصـەبـەی خۆشناو)یش یەکێکە ، لە هەلـە کانی ناوچیـرۆکەکە چونکە خۆشناو (قەصەبە) واتە (شـارو شاۆکـەو گونـد) نیـە بەشکو راستیەکەی ئەوەیە کە (خـۆشنـاو) لە سەرەتـاوە ناوی بنـەمـالـەی (میـرەکـانی شەقلاوە) یە و لە شوێنی ترەو هاتوونەتە ئەو ناچەیەو بوونەتە براگـەورەو دەسـەلات داری ئەو ناوچـە فراوانەی ئەکەوێتە نێـوان : (خـوارووی ناوچـەی کۆیـەو خۆراوای رانیـە (بـەردەر)و رۆژەلات وخـوارووی سۆرانـەتی) یەوە . کە لەپـاشتـرا ناو یا نازنـاوی فاملیـای (خـۆشناو) لەشێوەی : (خۆشناوەتی) دا بوەتە ناوی ناوچەکە چونکە ئەوان فەرمان رەوای بوون ، هەروەك بەهەلەیش بە خێلە کوردە جیا جیا کانی ئەم ناوچـەیـەش ئەوترێ : (خـۆشنـاو) کەتـەنەت هەنـدێکیـان لە کۆنـەوە دژی یەك بوون . هەروەهـا پایتـەختی ئەم ناوچـەیـە لەمێـژە شارۆکـەی جوانی (شـەقـلاوە)یـە کە لە کاتی بەیتـالیم دا لە سەرەتـای پەنجـاکـانی ئەم چەرخـەدا لەوێ ، ئاگەداریی مێژوویی وفـۆلکلۆری و کۆمـەلایـەتیـو ویـژەیی زۆرو بەنـرخم لەبـارەیـانـەوە لا گرد بۆتـەوەو ئاوێتـەی پەرپـووتگـەی پەراویخانەکەمن .

ئەمجـا ئەم چیـرۆکـەی (ژابـا) سەرەتێکی ژیـانی (مـوفتی) مان لێ ئاشکـرا ئەکـات کەلـە (خۆشناو)یش و رەنـگـە لە (شـەقـلاوە) ، بەسـەری بردوە کە کۆنـە شارۆکـەیـەکی زانستیمانە . و لە (خال)دا نیشانەیەك لەم بارەیەوە نیە کە پێشکەشە بە (خال) .

بەلام لە (خـال) دا لە لاپـەرە (7 ، 8)یـدا نوسـراوە : موفتی (دایکی) لە (زەهـادیـان) بووەو بە هۆی زویـر بوونی (مەلا ئەحمەد)ی باوکی (موفتی) یەوە لە حاکمی بابان ، چەنـد سالێـك بەخێـزانەوە لە (زەهاو) بوون ، کە ئەمیش ناوچـەیـەکە ئەکەوێتە ناوەند (هۆرێن و شێخان و قەسری شریـن)ەوە ، لە کوردستـانی ئێـران ، وە لەو ماوەیـەدا (مـوفتی) لە مالـە خالـوانی بووەو خوێندویەتی و بەو هۆیەوە پێ ی ووتـراوە (زەهاوی) ، ئەگەنا لە باوکانیەوە ، ئەچێتەوە سەر (فەقێ ئەحمەدی دارشمانە) ، کە ئەمیش باپیرە هەرە گەورەی (بابان)ە کانە .

هەروەهـا لەلاپـەرە (9 ـ 14)ی (خـال) دا لە بارەی خوێندنی (موفتی) یەوە نوسراوە ، کە لە پێشا لای باوکی و دوای ئـەو لەلای (شێخ مەعـرووفی نۆدێی ی) و پاش ئەو لەلای (شێخ عبـدولـلای خەرپانی : 1776 ـ 1800ز) وئـەمجا چوەتە (سنە) لای (شێخ سەعیدی تەختی)و لای (شـێـخ قەسیم : 1730 ـ 1818ز) خوێنـدوویـەتی و ئیجـازەی خوێنـدنی لە (سـابـلاخ) لە (مەلا محەممەدی ئیبنلرەسـوول : 1767 ـ 1830ز) وەرگـرتـوە ، تەنانەت سالی مردنی ئەم مامـۆستایەی دوایی ی کە (1830ز) بووەو ئیجـازەشی لێ وەرگرتوە ، ئەوسایە تەمەنی (موفتی) (37) سال پتر نەبوە ، بەشکوو بەر لەوە بە شەش سال ئیجازەی تەواوکـردنی خوێنـدن و رێدانی دەرس ووتنەوەی وەرگرتوە کە لە لاپـەرە (16)ی (خـال) دا نوسـراوە : (پاش ئیجازە وەرگرتنی هاتۆتەوە سلەیمانی) .

بەڵام بەپێی ئەم چیرۆکەی (ژابا) ، کەلێنێك لە ژیانی (موفتی) پڕ ئەبێتەوە کە لە دوای ئیجازە وەرگرتنەکەی وادیارە لە (خۆشناو) بە مەلایەتی گیرساوەتەوەو مەلایەکی چاکیش بوە .

بۆیە من ئەتوانم بڵێم لە دوای مەلایەتی خۆشناویەوە ، کە ئەشێ ئەوسایەش باوکی (موفتی) لەگەڵ حاکمی بابان دا ئاشت بوتەوەو ئەمجا (موفتی) گەڕاوەتەوە سلەیمانی بۆ لای باوك وخێزانی ، کە ئەم بۆچوونەی منیش ، لەتەك چیرۆکەکەی (ژابا) دا ئەگونجێ کە لە : (خۆشناوەوە هاتوتە سلەیمانی)و بەشکو بەراوەژووی نووسینەکەی (خاڵ) یش نیە وەك لە پاشترا ئەمە ڕوونتر ئەکەمەوە .

(5) ـ موفتی خۆی ناوی (محەممەد) بوە ، کە بوەتە (مەلا) ، بە (مەلا محەممەد) ناسراوە ، وبەهۆی مانەوەی سەردەمێکی ناو ماڵە خاڵوانی لە (زەهاو) بە (زەهاوی) ناویکردووە کە لە ئەستەمبوولیش نازناوی (ئەفەندی)و پێناسەی (فەیضی)ی وەرگرت وکاتێ بوویشە (موفتی) ئیتر بوو بە (مەلا محەممەد فەیضی ئەفەندی موفتی زەهاوی) وە دووبارە کردنەوەی ئەم ئاگەداریانەم لە سەرچاوەکانیەوە بە درێژ دادری نابینم ، چونکە بڕوام وایە هەندی لە خوێندەوارو گەنجەکانمان ، لە بەر ئەوەی سەرچاوەی ئەم ئاگەداریانەیان لەسەر (موفتی) ئەوەندە دەس نەکەوێ ، بۆیە بە گرنگ وپێویسی ئەزانم کە سەرپۆتێکی ئەم ئاگەداریانەیان لەو سەرچاوەیانەوە بۆ دووبارە ئەکەمەوە بە تایبەتی هەندێ لهم ئاگەداریانەش بەندیوارییان بە یەکدییەوە هەیە کە لە ناوبردنی ئەمیاندا دەست نیشان کردنی ئەویانم پێ ڕەوایە .

(6) ـ ئیجارێ = ئەمجار ، ئەمجا ، ئەوجا ، ئیجا و . . . .

(7) ـ باژێر = شار ، هەرچەند لەسۆرانی : (کرمانجی ناوەراست)دا باژێر ، مەبەست لە (بازار)و ئەمیش لەوەوەیە کە لە (شار) دا (بازار) هەیە نەك لە (گوند)دا .

ئەمجا ناوبردنی (باژێری سلەیمانی) مەبەسی لە چوونەوەی (موفتی) بۆئەوێ و بوونە مامۆستاییەکەیەتی لەوێ ، کە لە چیرۆکەکەی (ژابا) دا هاتووەو ، ئەبەسترێنەوە بە نووسینەکەی (خاڵ)ە وە ، کە لە پێشەوە دیاریم کردو کەلێنە نادیاریەکەی ژیانی ئاشکرا ئەبێ و پڕیش ئەبێتەوە

(8) ـ فەقیرولحال = هەژار ـ وە ئەم هەژارێتی و دەست کورتیەی (موفتی) بە درێژی لە (خاڵ) دا ڕوونکراوەتەوە پێویست بە دووبارە کردنەوەی نابینم ، نەنانەت لەم چیرۆکەی (ژابا) شدایە

(9) ـ تونینە = هیچی نیە . چی‌ی‌نیە ، هەژاربوە . .

(10) ـ قنجە = چاکە ، جوانە ، باشە بافتی ئەوەیە . . .

(11) ـ بچەیی = بچیت . وە لەدەقی چیرۆکەکەدا هەر (بچەیی) هاتوە ، کە من بەپێی ئاگەداریەکم لە شێوەکانی (بادینی) یا (کرمانجی‌ی سەروو) وای بۆئەچم ئەم چیرۆکە بە زارگوت ، یاشێوەی زمانی‌ی (گۆییانە) بێت کە لە ناوچەی ئەو دەوروبەرەدان ئەم چیرۆکەیان لێوە نووسراوەتەوە

(12) ـ ئستانبوول = ئەستەمبووڵ ، ئەستەموول ، ئەستانە ، ناوی پایتەختی عوثمانی بووەو ئێستە شارێکی مەزنی تورکیەیە و نیوەی بەر (ئاسیا) ونیوەکەی تری بەر (ئەوروپا) کەوتوە ، وگەرواوی (بۆسفۆر) شارەکەی کردوە بە دوو بەشەوە .

(13) ـ خونکار : ئەم ووشەیە نازناوی خەلیفەو سوڵتانەکانی فەرمانڕەوایی عوثمانی بوە ـ گوایە لە (خوداوەندکار ، یا لە خودادەنگار)ەوە هاتووەو بۆیە (خونکار) بەواتە (خوێن کار) کە ئەمەش پڕ بە پڕی سروشتی ئەو خەلیفانەیە کە نەك هەر بەرامبەر بە گەلەکانی ژێردەستیان خوێن کار بوون ، بەشکو هەر لە سەرەتای بوونیانەوە بەخەلیفە ؛ هەرچی براو خوشك ومام وئامۆزاو برازاو خزمی نزیکی خۆیان بوە بەجارێ کوشتویانن ، نەوەك بەربەرەکانی‌یان بکەن لە کورسیە کەیاندا ، کە بە ناویش خەلیفەی ئیسلام بوون ، وبە دەگمەن بوە ئەم ڕەوشتە خوێن ڕێژ یەیان نەبووبێ .

(14) ـ ل ته = لته = بۆتۆ .
(15) ـ هەرچیــه دیتی یــه = مەبــەس لەوەیــە هەرچی کەبــوویــەتــیو بۆی هەڵــسووڕاوە ، بۆچــوونــە ئەستەمبوولەکەی بردوویەتی .
(16) ـ دما = دەمێ ، کاتێ ، گارێ ، گاڤێ ، گاڤا . . .
(17) ـ سەروگوهـ = سەروگوێلاك .
(18) ـ شێخــولئیســلام = فرمــان بەرێکی هەرەگــەورەی عوثمــانیو هاوشــان وهــاوپایــەی سەرەك وەزیــران بوە ، چونکــە فەرمــانــرەواییەکەی عوثمانی بەسەرزاری بەناوی ئیسلامەوە فەرمانڕەواییان کردوە ، بۆیە ئەم پایەیەیان داناوە ، لەراستیشدا وەك لەم چیرۆکەی (ژابا) دا دەرئەکەوێ ، هەمو : گەمژەو نەزان و کورسی پارێز بوون لەژێر پەردەی ئایینەوە .
(19) ـ جوان بوویە = واتە خورت و بەخۆوەو گەنج بوە ، لەڕاستیشدا وەك لە (خاڵ) دا هاتوە ؛ (موفتی) زۆری حەز لە یاری و بەهێزبوە . لە زۆر خانەیش دا دەستی بوە ، کە ئەمــەش لەنــاو فەقێی ئەوسادا باوبوە هەندێکیان مەشقی زۆر خانەیەن کردوەو هەموویاریەکیان کردوە ، وەك لە دوو چامــە گرنگــەکــەی (نــالی وسالم) وهەڵبــەستی دیکــەی هۆنــەرانمــانــدا هاتــوە وتەنــانەت مامۆستا ومەلاچاکێکی دیکــەمــان : مەلا شەریف (شــەهیــد) کە هۆنەرو باپیری (مــاجیــد مصطــەفــا)ی شالیــار بوە ، ئەویش سەرەڕای مەلایــەتیــەکــەی پاڵــەوانــێکی کەم هاوتــا بوە ، کە سەرگــوزەشتــەیــەکی پاڵــەوانێتی ئەوم لایــە بەرمبــەر بە پاڵــەوانێکی ژێــرکــەوتــووی ئێــرانیێ دا بارەگــای پاشای باباندا لە سلەیمانی .
(20) ـ پاڵەتی = کرێکاری ، کارگەری . . .
(21) ـ قرۆش = پارەیەکی ئەوسای عوثمانی بوە .
(22) ـ دایــە = داوێتێ ، پێیداوە ، (پێیکــریــوە)ی مەبەستە .
(23) ـ ئیــرس = عورووس ، رووس ـ بەڵام مەبــەسی لە (قەشە)ی فەلە (گاور) بوە ، کە لە سەرتاپای چیرۆکەکەوە ئاشکــرا ئەبێــت کە (مــوفــتی) خۆی لە فەرمــان بەرە مەزنەکانی عوثمانی وخونکاریش کردۆتە (قەشە) .
کە لێرەدا (قەشە) بە ئیرس واتە (رووسی) ناوئەبات ، ئەمە لەوەوەیە لەناو کورداندا باوە کەئەوی ئیسلام نەبووبێ بە زۆری پێیان ووتوە عورووس)ئیرس) یا مسقۆف ، کە مەبــەس لە غەیــرە ئایینێکی زۆر کافــرە ، ئەمــەش لە فۆلکــۆرەکــانمــانــدا هاتوەو لە ئەنجامی ستەمکاری قەراڵە کانی رووسەوە پەیابوە . . . . . هتد .
(24) ـ ئەم ووتــەی (حــەتتــاپیان) دووجار لەسەریەك لەم شوێنــەی دەقی چیــرۆکــەکــەدا دووبــارە بۆتــەوە ، من یەکێکیــانم لابــرد ، وبەهەڵەی دەستیی خوالێخۆش بوو مامــۆستــا صادق بەهــائــەدینم دانــا ، کە مەبــەس لە : هەتاکوویێ (قاچ)و ئاودامانیتی بەرگی (قەشە) یانەیە .
(25) ـ صوبەیێ = سبەیێك ، سبەبنێیەك ، بەیانیەك ، سپێدەیێ . . .
(26) ـ ئەو دەستی لیبــاسیــد ئیــرســان = ئەو دەستە بەرگە قەشەیەتیەی .
(27) ـ بەرکری = کردیە بەری ، لەبەریکرد (بۆ بەرگی مەبەستە) .
(28) ـ گرتیە = گرتوویەتی ، مەبەسی لە بەدەستەوگرتنی داردەستە . بەلام لە دەقەکەدا (کرتیە) نوسراوە .
(29) ـ شوول = کار ، لە (شغــل)ی عارەبیــەوەیــە . واتە کارم پێی هەیە
(30) ـ سەر هەنگفتە = سەردانەواو ـ مەبەس لەوەیە کەوا شێخــولئیسلام نەیناسیتەوە کە لەوەپێش بەناوی مەلایەتەوە هانــای بوبــردبــوو ، لێی نەپــرسیبــوەو ، وە مەبــەسی لە (بێپەروایی) یە لە بارەگای شێخولئیسلامدا .
(31) ـ ڕوینێ = دانیشە ـ وەلە دەقەکەدا (رونی) نوسراوە .
(32) ـ روبــتیــنــتــن = لەرووی‌دێت ، رووی ئەهێنێ ، پرکێشی ئەکا .
(33) ـ ئیشەڤە = ئەم شەوەکە ، ئەمشەو . . .
(34) ـ ببم = ئەم ووشــەیــە لە دەقەکەدا (بەبم) نوسراوە و زۆرجــاریش ئەمــەم لە کەشکــۆڵــە کۆنــەکــاندا دیوە کە لە

رێنووسی كۆندا (بەبم) نووسراوە

(35) ـ دبـهـتن = دەبیستێ ، گوێی لێ ئـەبێ ، لێی دەبیەت .

(36) ـ گۆ = گوتی ، کوتی ، ووتی .

(37) ـ نیزوکی = نێـزیکی ، لەدەقـەکـەدا چەند جاری تریش هەر (نیزوکی) نوسراوە

(38) ـ شەهادەت = شایەتمان ، ووتەی : (أشهد ان لا اله إلاّ الله و أشهد ان محمداً رسول الله) ، که دەربڕینی نیشانەی یەکەمی ئیسلامه .

(39) ـ مەلانی = مەلایانه ، وەك هی مەلایان .

(40) ـ صەدرولئـەعظـەم = پایـەیێکی فەرمـان بەریی عوثمانی بوە . بەرامبەر بە (سەرەك وەزیران) .

(41) ـ دانـەینن = دانـەنێن ـ مەبـەسی لەوەبـوە ناوی لێ نەنین هەتا خەلیفە خۆیشی ئامادە ئەبێ .

(42) ـ ئەم وشـەی (ببیتم)ە لە دەقـەکـەدا بەشیـوەی (بەبینم) نوسراوە ، بروانە پەراوێزی ژمارە (34) لەپێشەوە

(43) ـ مەلاتی = مەلایانە ، مەلایەتی ـ ئەمە بەڵگە یەکی ترە کە لەبەرگی (قەشە)دا چوەوخۆی کردوە بەئیسلام کەوا بەرگی (مـەلاتی) یان لەبـەرکـردوەو ، ئەگـەر وەك هەر فەلـەیـەکی تری جگـە لە قەشـەدا بچـووبـایـە ، بەرگی مەلایەتیان پێ نەئەدا .

(44) ـ ئەم دووبـارە کردنـەوەی ڕستـەیـە کەلـە پێشیشـدا باسی بردنە حەمام و بەرگی مەلایانە لەبەرکردن هاتوە ئەمە شێـوەیـەکـە لەفۆلکلوری هەموو گەلاندا هی کوردیش دا پەیڕەوی ئەکرێ وئەم دووبارە کردنەوەیە یاریدەی زوو لەبەرکردنی دەقـەکەو ، لەبیرنەکردنی و درێژ بوونەوەی دەقەکە بۆ زۆرتر کات پێـوە رابـواردنی و ، زووئەنجـام بە دەستـەوە نەدان و جوانیەکی وێژەییشی تیایە و . . . هتد و ڕواڵەتی فۆلکۆرە کە دیـارە ئەم چیـرۆکەش ئەوسایە سروشتیەکی فۆلکۆری وەرگرتوە .

(45) ـ ئەم وشـەی (خینـدکـار)ە لە دەقـەکـەدا وەهـا نووسـراوەو مەبـەسی لە (خـونـدکـار)ە ، ئەشێ ئەوسـایە (خینـدکار)یش ووترابێ ، بۆیە ؛ وەك خۆی هێشتمەوە . بەتـایبـەتی کەمن نوسخـەی ئەم چیـرۆکـەم بەرێنـووسی لاتینی لەبـەردەستـانیـە ، کە بروام وایـە ئەوسـایـە چەندو چۆنی دەقی چیـرۆکـەکـەو ئەم پەراوێـزانـەشم وەك ئێستە نەئەبوون .

(46) ـ لێـرەدا ووریـایی (مـوفتی) دەرئـەکەوی ، کە لەم دەور بینینی خۆبـەقەشە کردنەیدا تێ نەکەوتوە و، زیرەکانە لەم گێـژاوی ناوی ئیسـلامی لێ نـانـەیـدا هەرنـاوی (محـەممـەد)ەکـەی خۆی هەڵبـژادوتـەوە ، نەخـوازەلا لەڕوانگـەی ئیسـلامیـەوە کەنـاوی پێغەمبەری ئیسلامە ، بەرگـریـی ناکـرێ ، بۆئـەوەی کە ناوێکی دیکـەی لێ دابنێن .

(47) ـ ووریـایی (مـوفتی) ماوەی نەدا (خـەلیفـە) کە ناوێکی جگـە لە ناوەکـەی خۆی لێ بنێ و ناچـار نازناوی (ئـەفـەنـدی) کەبـە ڕۆشنبیـران ووتـراوە پێی بەخشی ، بروانە پەراوێزی ژمارە (5) لە پێشترەوە .

(48) ـ داتینن = دائەنێن ـ واتە ئەو ناوو نازناوەی لێ دائەنێن .

(49) ـ ئۆطیا = ئۆدەکەی ، هۆدەی ، ژوورەکەی .

(50) ـ ئەم ووشەی (خوێندن ـ یا خویندن)ە لە دەقەکەدا بەشێوەی (خوندن) نووسراوە .

(51) ـ زارۆکان = منالان ، بچووکان ، قوتابیانی منداڵ

(52) ـ ئەم ووشەی (خوندین)ە ش لە دەقەکەدا وانوسراوە بروانە پەراوێزی ژمارە (50) لە پێشەوە .

(53) ـ کەفش = ئاشکرا ، دیاری ، دەرختن ، خستەڕوو ، لام وایـە ئەم ووشـەیە پەیوەندی بە (کەشف)ی عارەبی یەوەبێ کە ئەم واتـایـانـە ئەدات و هەڵگـەرانـەوەی وەك : (قـەڵـەم ، قەمـەڵ)و (جـومعـە ، جوعمـە) و (فـەقەط ، فەتەق) بێت .

(54) ـ ئیفلاطوون ـ یا ـ ئەفلاتوون Platon (427 ـ 347 پێش زایین) هەرە بەنـاوبـانگـترین فەیلەسـووفی یۆنـانی وقـوتـابی سۆقـراط و مامۆستای ئەرەستاطالیس بووە و گەلێ پەڕاوی بەکەڵکی داناوە .

(55) - بژ وورڤـه دچتن = بەرەژ وور ئەچو، سەرئەکەوت
لە خوێندنەکەیدا ، وەك ئیفلاتوون .

(56) - مەه = مانگ (دوومەهان = دوو مانگان).

(57) - بروانە پەراوێزی ژمارە (5) و (47) لەپێشترەوە .

(58) - ئەم (مـازن)ە لە دەقـەکـەدا وانـوسراوە ، بەواتە : مەزن ، گەورە ومەبەس لە (مەلای چاك)ە.

(59) - لەم کردنەی (موفتی) دا بە مودەرریس دەرئەکەوێ کە نازنـاوی (فـەیضی) یەکـەی کە مامـۆستـاکـەی لە بەرهـەمـەنـدیەوە پێ ی بەخشسبوو ئیتر بە سەریابراوە هەر لەئەستەمبوولەوە.

(60) - ریجالی کیباران = (پیاویی مەزنان)ی ئەوێ .

(61) - پڤ کتی = کۆکرایەوە ، بەهەف کەوت . . .

(62) - ئەم ووشەی (زاف)ە کە لە دواترا بە (زاڤ) یش لە دەقـەکـەدا هاتوەو هەردووکیشیان ئەشێن بەواتە (زۆر)و لە (زەبـەنـگـە) وەیـە ، کە لە بەشـی دوەمـی ووتـاری (شوێنەواری کورد لەژ ووروی ئەفەریقادا) کە لە گۆڤاری (بـەیـان) دا بەشی یەکـەمیم بلاوکرۆتـەوە ، ئەم ووشەی (زاف)ەم شی کردۆتـەوە کە لە وولاتی (مـەغـریب) یشدا بەزۆری بەکـاری ئەهینن بەواتـای (زەبـەنگە) ووشەیەکی ئیمـەیـە کەوتۆتە ناویانەوە ، بروا ناکەم لە (بالضعف) واتە دووچـەنـدانـەی عارەبیەوە بێ چونکە (مەغریب) لە گەڵ رەگی (بـەربـەر) یشـدا بەعـارەب پتـر تێکـەڵ بوون کە بەکـارهێنـانی (بـالضعف)ەکـەیـان پێ گران نەئەبو ئەگەر (زاف) لەووەوە بێ و هی خۆیان بووبێ . . . وهتد .

(63) - ب زەوجینین = ژنت بۆبهێنین ، ئەمـەش گوایـە خونـدکـارو شێخـولئیسـلام وگەورەپیـاوانی عوثمـانی ویستویانە لە ئەستەمبوول ژ ن بۆ (موفتی) بهێنن وئەولیش نەیتـوانیـوە ئاشکـرای بکات کە ژ ن ومناڵی لە سلەیمانی هەیـە ولێـرەشـدا لە فێڵەکەیدا دیسان سەرکەوتۆتەوە ، کە بەلای کەمـەوە یەکێ لە دوو کەنیـزەکـەکـانی (موفتی) کە (رەنـدێ)و (رێـحـان) بوون لە ئەستـەمبـوول پێ ی بەخشرابێ ، چونکە خۆی دووژنی هەبوە کە (گولناز) یان خەڵکی سلەیمانی و (پیرۆز) یان خەڵکی کۆیە بوە ، وئەم (پیـرۆز)ەیـان دایکی هونـەری مەزنمان (جەمیل صیدقی زەهـاوی) یە کە شێـخ رەضـای تاڵەبانی ناوو ناتۆرەی پێوە هەڵبـەستوون و ئەووەش لە دوشمنایەتیەوە یا لە راستی ناوو ناتـۆرەکـانـەوە ، نەبـوە . بەشـکـووتەنـیـا باوێکی سەردەمەکەبوە ئەگەنا چ شێخ رەضا و چ (جەمیل صیدقی زەهـاوی)و چ (شـوکـری فەضلی)و . . . هتـد کە شەرە جوێنی خەستـووخۆڵیـان لە نێـوانـدابـوە هەمـوو دۆستی گیـانی و هادوەمی یەکـدی بوون و ئەمـەم لە گەلاڵـەی پەراویەکم دا لەم بارەیەوە جێ گیرو یەك لا کردۆتەوە ئەمجا لێـرەدا بەهـەل و پێـویستی ئەزانم کە چواربالیەکی (شێخ رەضـا) و (بـۆنە) کەی ئاشکرا بکەم کە تاکو ئێستە لە بەر نەزانینی بۆنـەی چواربـالیـەکـەونەزانینی تاکی دوەمی ئەو چواربـالیـە خەڵکی بەلایـانەوە وایە کە ئەوتاکەی یەکەمی بەبێ بۆنـە لە دیـوانـە چاپکراوەکانی (شێخ رەضا) دا بلاو کراونـەتـەوە گوایـە پیس ترین جنێوە بە هەموو (کۆییان)ی داوە وەلـە راستیشـدا وەك لەسـاڵی (1936 ز) دا لە دەمی مامۆستا (مەلا عەبدوڵلای رەشەکانی) یەوە ئەوچواربالیەم وەرگـرتـوە کە بەفـەرموودەی مامۆستام بۆ (جەمیل صیدقی زەهاوی)ی ووتوە نەك بۆ کۆییان کەئەمەیە :-

ئەوکەسەی ئەصل و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە
دەستی (حججو)یشی هەبێ ئەمجا بە تەحقیق کۆییە
گەر (جەمیل)یش بێ مەکەی ناوی کە دۆخێنی شلە
خاڵ وەلـەد (پیـرۆز)ە ، هەرکێ ی هاتـە (کن) پێ ی خۆییە .

لە دیـوانـە چاپـەکـانیـدا لە جێگـەی (ئـەوکـەسـەی) (هـەرکـەسێ)و لە شوێنی (دەستی) (دەستـە) یان تیایە وە تاکی دوەمی کە هێشتـە چاپ نەکراوە ، ناوی (جەمیل) و (پیرۆز) خانی دایکی کە کۆیی بوە دیاریی کردوون و تیایا دیاردیی پەندی پێشینانی (کوییەتی و خۆییەتی)ی کردوە .

منیش بە دووری نازانم کە (موفتی) (پیرۆزخان) یانی لە کاتێکا مارە کردوە کە وەك لەم چیرۆکەی (ژابا) داهاتوە لە (خوشناو) بوە ، یا بەهۆی ئاشنایەتی ئەوسایەوە دەستی کەوتـوە رەنگـە ئەویی لە ئەستـەمبـوولیش بە کەنیـزەکی

وەریگرتبێ (ڕەندێ) یا (ڕێحان)یش بووبێ ، کە لام وایە ڕەندێکە وابوە .

(64) ـ ئەم ووشەی (ژ ین)ە لەدەقـەکـەدا وەهـا نوسـراوە مەبەستی لە (ژ ن)ە

(65) ـ ئەم باسی بوونی ژ ن ومنـاڵـەی (مـوفتی) لە سلەیمانی و ئاشکرا نەکـردنی وەك چیـرۆکـەدا هاتووەو لە لاپـەرەکـان (39 ـ 42)ی (خـاڵ) دایـە ، ئەمانە دەرگای ئەووم لێ ئەکەنەوە ، کە ئەم چەند بۆچوونەی دوایی خۆم بخەمە سەر ئەم سەرچاوەیانەو بڵێم :ـ

ئەشێ یەکێ لە کەنیزەکەکانی بە تایبەتی (ڕەندێ) یانی لە ئەستەمبوول وەرگرتبێ ، (موفتی) لە ترسی ئاشکرا بوونی فێڵ کردنەکەی کە خۆی بە (قەشە) داناوەو (قەشە)ش ژ ن ناهێنن ورەبـەنن بۆیـە نەیتـوانیـوە بڵێ من ژنم ناوێ وژنم

هەیە ، بە ناچاری لە شیخولئیسلام ئەو (ڕەندێ) یەی وەرگرتبێ ، وە بەتێکرایی (موفتی) لەو دووژ ن و دووکەنیزەکەی (13) کوڕوسێ کچی بوە وەك :ـ

لە (گـوڵنـاز)ی خەڵکی سلەیمـانی ، بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبوولی (عەبدوڵلا)ی کوڕە گەورەو ئەشێ (حەلیمە) کچیشی هەبـــووبن ، کە لە ئەستـــەمبـــول ئاشکـــرای نەکردوون .

لەوانەیە (پیرۆز) یانی هەر لە خۆشناوەتیەوە مارە کردبێ بەڵام هەتـا چوونە بەغدای (موفتی) پیرۆز خان نەکەوتۆتە سلك وزا یا لەدوای بوونی (مـوفتی) لە خۆشنـاوەتی مارەی کردبێ .

کە (مـوفتی) لە ئەستـەمبـوول گەڕاوەتـەوە سلەیمانی و لەوێ لەسـەر چاوپیـاو هەڵـنـەهـاتنی هەنـدێك وبەدکاری وچـوغـولی لێکردنی وەك لە (خاڵ)دا ئەمە بەدرێژ ی باس کراوەو ، لە دواتـریشـدا دەری ئەخەم ، لە سلەیمانیەوە ، چوەتـە کەرکـوك ، ئەشێ کە لە وێش نەماوە لەبەر کەڵك وەرگــرتن لەگـەنـدەکـانیـەوە بووبێ بەهـۆی دەسـەڵاتی (والی)یەوەو دۆستایەتی نیوانیان .

چونکە لە دەوروبەری ساڵی (1257ك) = (1841ز) دا چەنـد سـاڵێك (موفتی) لە کەرکووك مامۆستا بوەو لەوێ (عەبدولحەکیم)ی کوڕی لە (گوڵناز) یان بوەو دوای ئەوەی کە (مـوفتی) چوەتـە بەغدا ، ئیتر لە هەردووژ ن و هەردوو کەنیـزەکـەکـەی هەمـوو مناڵەکانی تری لە بەغدا لە دایك بوون ، وەك لە (خـاڵ) دا سەرگـــوزەشتـــەی ژ یـــانـی هەمـــوانیـــان بەکـــورتی نووسـراوە کە (جـەمیـل صدقی زەهاوی) پاشە بەرەیانە .

من وای بۆ ئەچم (مـــوفتی) لەدوای چوونـــە بەغـدای (ڕێحان)ی کەنیزەکی لە یەکێ لەوالیەکان وپیاوەگەورانەوە پێ بـەخشـرابێ . ئەگـەر لە ئەستـەمبـوولەوە نەیهێنابێ کە لەویـــان (محـەممـەد سەلیم)ی کوڕی بەر لە (جـەمیـل) لەدایك بوە و هیوابارم ئەمانە باشتر جێگیر بین .

(66) ـ ئەم سپـاس و ستـایشـەی (مـوفتی) بێگـومـان پارچـەیـەکی باڵای وێژەیی بوە لەبەرهەمەکانی (موفتی) و هەرچـەنـد بە مەرایی کارانــەش بژمێــردرێ لام وایــە وەستـایـانـەو لەبنەوە راستی ی بەرنـەداوە ، وخـۆزگـە بنوسرایەتەوە ، کە بەهەزاران شتی وامان لەکیس چوە .

(67) ـ ئەم دان پیـانـانـەی (موفتی) کە بەئەصل خەڵکی سلەیمانی بوە ، لە سەرەتای ئەچیرۆکەشەوە کە نوسراوە : (مـەلا محـەممـەد)ێك لە خۆشنـاوەتی پەیـابـوە . ئەوە ئەگـەریـەتێ کەدوای ئیجـازەی خوێنـدن وەرگرتنەکەی ، یەکسەر چوەتە خۆشناوە ، وەك لەپێشترا ئەمەم شی کردەوە

(68) ـ بەڵام کە ئەڵێ : لەو ناوچـەیـە زانستی کـەمـە . ئەمەیان ڕاست نیەو ، یا ناشێ (موفتی) وەهای ووتبێ ، یا لەبـەر کار سەرپێگـرتنی خۆی وای ووتوە ، ئەگەنا زانستی ناوچـەی سلەیمـانی ئەوسـایـە هاوتـای زانستی شارە گەورەکـان بوە . بە گەواهی دانی (مستـەریـچ)وزوربەی پەراویـە مێـژ وییـەکـان وتـەنـانەت خوێندنی خۆێشی لە دەرەوەی سلەیمانی لەبەر ناکۆکیەکەی باوکی و پاشای بابان بوە .

(69) ـ داوای گوند کردنەکەی بەشێوەی (وەقف) بوە ، بۆ ئەو مزگـەوتـەی دەرسی تیـابڵێتـەوە ، تا مزگەوتەکەو خۆی

ببـــات بە ڕێـــوە ، کە ئەوسـایـە ئەوە باوبوە ، بەتـایبـەتی پاشاکانی بابان ئەوەیان کردوە .
لێـرەدا (چـەنـدکرێد) بەواتە چەند پارچە یەکە . کر = پارچە ، کەت ، تاك ، یەك . . .
(70) ـ بوونی ، یازۆر بەکـارهێنـانی ئەم جۆرە ووشـەی بەنـدەگێنی‌یـە لە شێوەی (کرمانجی ژ وورو)دا ئەگەرێتەوە بۆشیوە فەرمانڕەواییە ستەمگەری‌و چەوتەکەی عوثمانی کە تەنـانەت پاشاو پیاوە گەورەکانی فەرمانبەرانیان لە بەندەی زەرخریدەبوەن وەك : مەمالیك و یەنی چەری‌و هتد .
(71) ـ ئەزبەنی = من بەندەی تۆم و(ئەز = من) و (بەنی = بەنـدە ، عەبـد) وەیـا : (ئـاوەهاش) ئەگرێتەوە واتە من بەوجۆرە (ئاوەها) بچووك و بەندەتم
(72) ـ ببێژم = ئەم ووشەیە لە دەقەکەدا (بەبێژم) نوسراوە بروانە پەراوێزی ژمارە (43 و 42) لەپێشترەوە .
(73) ـ کە خونکـار تکـای (مـوفتی) ئەگری‌و ئەم سێ گونـدی گەورەیــەی لە سەر (مــوفتی) وەقف کرد وەك لە لاپـەرە (18 و 19)ی (خـاڵ)دایـە کە (مـوفتی) لە ساڵی (1296 ك ـ 1878ز) دا لە کاتـی گرانیـە کەدا کاکـە حەمـەی حاجی مەلا ڕەسـووڵی کردۆتـە وەکیلی خۆی لە سەر زەوی وزارەکانی لە (دیالە) کە نە لە (خاڵ) داو نە لە (ژابـا) شدا ناوی ئەوگـونـدانـە نەبـراوە تەنیـا (خـاڵ) ناوچەکەی . بە (دیالە) داناوە ، وادیارە ئەوسێ گوندە کە دراوێتی لەوناوە بوە ، بۆیەش چۆتە (بەغدا) یەکەم شاری گەورەیـە ئەمجـا جێی ئەوی مەزنی تیـابـۆتەوە ، دووم بۆ چاکتـر دەس گەیشتن بەسـەر ئەوگوندانەیدا بوە ، ئەمەش دیسانەوە لەگەڵ ئەوە یەك ئەگرێتە وە کە لە لاپەرە (35)ی (خـاڵ) دا نوسـراوە کە (مـەدحـەت) پاشـا) زۆر تکای لە (مـوفتی) کردوە کە موقـاطەعەی (بەلەدرووز)ی بداتێ کە بەپێی سەژمێـری گشتی 1957 دانیشتـوانی ئەوناوچـە (نـاحیــە)یـە 18956 کەس بوون وبەپـێی مێـژ وو ناوچەیەکی کوردستانە بەڵام (موفتی) فەرموویە : نامەوێ نەوەك زۆر دەوڵـەمـەند ببم و لەدوای خۆم مناڵەکانم یا من ببن و ڕووله خودا وەربگێـرن . کە (بـەلەدرووز)یش هەر لە (دیـالــە) یەودیـاره نزیکی گونـدەکـانی بوە . ساغ کردنەوەی ئەمەش گران نیە .
(74) ـ واتە نوسراوە ؛ بەسەر هەرکوێی‌ی‌کدا تێ‌بەرێ لە گەرانـەوەی بۆسلەیمـانی دا میـوانـداریی بکـەن وڕێزی لێ‌بگرن .
(75) ـ بەرامبەر بەم ناوبردنی پێنج ساڵ مانەوەی (موفتی) لە ئەستــەمبــووڵ ، ئەمــەوێ ئەم لێکـۆڵـینــەوەو ، شی‌کـردنـەوەیەی خۆم دیاری بکەم وجێ‌ی بکەمەوە ، کە کەی‌و لەسـەرێـنـی کام سوڵـتـان و . هتـد دا چوەتـە ئەستـەمبووڵ وهەندێ (بۆچوون)ی نوێی دیاری بکەم .
بەپێ‌ی پەراوێــزی ژمــارە (4) ی سەرەوە دەرکــەوت کە (مــوفتی) لە دەوربــەری (1830 ز) دا ئیجــازەی تەواو کردنی خوێنـدن ودەرس ووتنـەوەی وەرگـرتـوە و لەپێشا لە (خــۆشناو)و دوای ئەوە لەسلەیمـانی مامـۆستـا بوە ، کە ئەشێ ئەوماوەیــە لە (1830 ـ 1834 ز) دا بووبێ کە لە دواوە لەم ساڵی (1834 ز) هەتـا ئیجـازە وەرگـرتنـەکـەی (1830ز) ئەوماوەیـەی ژیـانی ڕێکـەوتی فەرمـانـرەوایی (ســوڵتــان سەلیم)ی سێـیــەم : (1789ز ـ 1807) و (سوڵتان مصطەفا)ی چوارەم : (1807 ـ 1808ز) و 26 ساڵی فەرمانڕەوایی (سوڵتان مەحموود)ی دووم : (1808 ـ 1839ز) ئەکات کە هەموو سووڵتانی عوثمانی بوون ، ئەمـەش پەراوێـزی ژمـارە (3)م لە سەرەوە جیگـر ئەکات کەوا (مــوفتی) لەوسەردەمـەی خوێنـدنـەیـدا (سـوڵتـان ئەحمەد) ناوێکی خەلیفەی عوثمانی فەرمان ڕەوا نەبوە .
لە لاپەرە (15 ـ 18)ی (خاڵ) دا یە کە (موفتی) کاتی دەرس ووتنـەوەی لەسلەیمانی هەندێ بەدکار خۆشیان لێ نەهـاتـوە ، لەوانـە حاجی مەلا ڕەسـووڵ ناوێك کەلەلای مەحموود پاشای بابان کە لە ساڵانی (183 ـ 1834ز) دا فەرمانڕەوا بوە ، وەك لە پێشەوە نیشانەم بۆکردوە ئەوحاجی مەلا ڕەســووڵــە لە لای پاشـای سلەیمـانی چوغـوڵی لە (مــوفتی) ئەکــات ولـەوساوە پاشـا رووسـاردێی لە گەڵ (موفتی) دا نواندوە لە لاپەرە (35 ـ 36)ی (خاڵ ؛ دا زۆر چاك لەدەسکورتی و هەژاری (موفتی)

لەسلەیمـــانی لەسـەرەتـای مەلایـەتی ی دا دواوە ، دەری خستوە کە (موفتی) دڵی بە سلەیمانیەوە نەماوە .

لە سەرەتـــای ئەم چیـرۆکـەشـەوە دەرکـەوت کە لە بەر هەژاریتی (مـوفتی) ولەبەر (مەلاچاکێتی) بوە کە خەڵکی سلەیمانی هانیان داوە بچێتە ئەستەمبوڵ . تا لە پاداشی ئەو زانـاییـە بەرزەیدا سامانێکی دەسکەوێ ولەو دڵگرانی و تەنگـاویـە رسگـاربێ . ئەمجـا هەژاریـەکەی و ، تەنگاو بوونـی بەدەسـت ئەوانـەوە کە چاویـــان بە (مـــوفتی) دا هەڵنـەهـاتوەو هاندانی خەڵکیش بۆچوونە ئەستەمبوڵی و بەخـۆداراپـەرمـوونی کاریـان تێ کـردوە . ئەوە بوو ؛ چوە ئەستەمبوڵ و بەفێڵی ئیسلام بوون ، پێگەیشت و بەرێزو سامـانوخـاوەن گونـدی یەوە گەرایـەوە سلەیمانی کە ئەو گەشتەی ؛ پینج ساڵی خایاند ، کە ئەو پێنج ساڵەش بەر (1834 ـ 1838ز) ئەکـەون و دیســان ئەوسەردەمــەی ژیـانی (مـوفتی)ش هەر بەر فەرمانرەوایی هەمان (سوڵتان مەحمـــود)ی دوەمی عوثمـــانی ئەکـــەوێ کە (مـوفتی) فێڵەکـەی لەم سوڵتـانـە گێلەوشیخـولئیسـلام کەمـژەیـەو صەدری ئەعظەمـە گەلحۆیە کردوە کە چارەنووسی ملیۆنە هاکـەس لە قەڵـەمـرەوی جیهـانی کۆنـدا لە بن دەستی زۆردایـی ئەوحەپـــۆلانـــەدا بووەو کەڵـکمـــان لە مێــژ وو وەرنـەگـرتـوە . بەڵام (مـوفتی) کە لە راستی ی ئەوفەرمان رەوایانـەو باری جیهـان و درۆزنیـان گەیشت کە بەنـاوی ئاینەوە بەری جیهانێکی ئاوافراوان وکەسانی بە نارەوایی ئەمــژ ن کە شایـــانــی ئەوەنیـن ئەویش یاخـی بوو ، وە خۆیکـردە (قـەشە)وبەوجۆرە پێیان پێ کەنی وچنگی لە مافی رەوای خۆی گیرکرد .

هەروەك لەچیـــرۆکی (ژابـــا)دا هاتـــوە (مـــوفتی) لە ئەستـەمبـــوڵـــەوە بۆجاری دووم گەرایـــەوە سلەیمـــانی بەزەنگینی یـــەوە ، چونکـە ژ ن ومـاڵ ومنـاڵی لەوێ بوون ونیشتمانی بوو .

بەڵام وا دیـــارە هەمـــان کەسانی کە لە (مـوفتی) یان خۆش نەهـاتـوە ، کەوتـوونەتە کنە لێ کردن ، لە لایەکی تریشـــەوە وەك لە لاپـــەرە (18 ـ 20)ی (خـــاڵ)دایـە کە ئەحمـەد بەگی موسلیم کە باپیری حسەین بەگی نەوتچی بوە ، بۆ(مـــوفـتـــی)ی نووسیـــوە کەببـێ بە مودەرریسی مزگـەوتی (مـوسلیم) لە گەرەکی (قـوریـە)ی کەرکووك و ئەویش کە جێگـەی خۆی بەئاسوودە نەدیوە بە خێزانەوە بۆ دواجـــار سلەیمــــانی ، جێ هێشت و چوە کەرکـوك و لە ساڵی (1841ز)دا لەوێ (عـــەبـدولحـەکیم)ی کوری لە دایـــك بووەو لە ناوەنـــدی ساڵانـــی (1841 ـ 1844ز)دا بەئێجگـاری لە کەرکـووکیشـەوە چوە بۆبەغـداو لە ساڵی (1844ز)دا لە بەغـــداً مودەرریس بووەوپاشتـــر رەئـیسی مودەرریـســیـن وئەمـیش ئاکـامـی لەدووره وولاتـی دا سەرنـانەوەکەی مەولانا خالیدو نالی وحاجی قادری کۆیی و ئەمین فەیضی وشێخ رەضاو ئەمین یومنی و . هتد بوو بە چارەنووسی .

هەروەك دەرکـــەوت (خـــاڵ)و (ژابـــا) لەم ساغ کردنـەوەیەی سەرەوەمدا ئەگەنجێن وبەراوەژ ووی یەکدی نین وئەم ساڵانەی (1830 ـ 1844ز)ی ژیانی (موفتی) رێکەوتی یەك ساڵ لە فەرمانرەوایی (سوڵتان مەحموود)ی دوەمی ناوبـــراوو پانـزە ساڵ لەفـەرمـانـرەوایی (سـوڵتـان عەبـدولمەجید)ی یەکەم : (1839 ـ 1861ز)ی کردوە، دیسان تائیرەش ژیانی (موفتی) بەر فەرمانرەوایی (سوڵتان ئەحمەد) نەکەوتوە .

(مـوفتی) لەسـاڵی (1853ز)دا پایـەی (مـوفتی)یەتی دراوەتـــێ و هەتـــا ساڵـــی (1890ز) کەتـیـــا مردوە هەر بەمـوفتیـەتی لەبـەغـدا ماوەتـەوە ئەوماوەیـەی ژیـانی بەر فەرمـــانـــرەوایی (سـوڵتــان عەبـدولعـەزیـز) : (1861 ـ 1876ز)و(سوڵتان مراد)ی پێنجەم : (1876ز)و(سوڵتان عەبـدلمـەجید)ی دووم : (1876 ـ 1909ز) کەوتوە، لە مەشــدا دەرئـەکـەوێ تاکـوو پاش ژیـانی ئەویش هەر (سـوڵتـان ئەحمەد) ناوخەلیفەیەتی ی عوثمانی ی نەکردوە کە لە چیرۆکەکەدا ناوی هاتوە .

منـیش لە ناوەرۆکـی (خـــاڵ)و(ژابـــا)ویـــەراویـــە مێـژ وویـیـەکانی ئەوسەردەمە ئەم یالانم بۆساغ بوونەوە و لە تێکـرای ئەم چیـرۆکـەی (ژابـا)و بەسەرهاتی (موفتی)

لەگـەڵ پیـاوە گەورەکـانی عوثمانی‌دا، پووچی و لەگاوی و بۆگــەنـانـەی ئەوانمـان بۆ دەرئـەکـەوێ کە لە مێـژ ودا بە (پیـاوی‌نـەخـۆش) ناوبراوە و زیرەکی و ووریایی (موفتی) مان بۆ ئاشکــراو روون ئەبێتــەوە کە چۆن توانیــویــەتی زانـایـانـەو لە رێگـەی راستی ئایینـەوە کەڵـك لەونەزان و ناشیـانـە وەرگـرێ و زیانییان لەدەست نەکات و کەڵکێکی زۆر بە خەڵکی بگەیەنێت و بناغەیێ بنە ماڵەیەك دابنێ کە هەتـا هەتـایـە گەلی کورد شانـازیی پێـوە بکـات و گەلێ (عیبـرەت)ی تر لەم چیـرۆکـەی (ژابـا)و ژیانی (موفتی) وەردەگیــرێت و گەلێ لێکــدانـەوەو لێکـۆڵینـەوەی تریش هەڵئـەکرێت و کوا (خاڵ)ێکی کە؟ (76) ـ خەبط دکەتن = دەستـی تێ وەردەدات، خەریـکـی کارو باری‌ئــەبێ مەبەس لە هی گوندەکانیەتی.

(77) ـ دکەتن = ئەکات، واتە بەپاڵ گوند داریەکەیشیەوە مامۆستایەتی کردوە.

(78) ـ هدی = باسی، لێدوانی..

(79) ـ (مــزین)، لەدەقـەکـەدا وا نوسـراوەو مەبـەس لە (مەزن)و بەواتە: (گەورە)و (تومەزن) = کەگەورە..).

(80) ـ بـ خف = بە نهێنی، لەپـەنـاوە، بەدزیەوە، بە بێ دەگی و ئەم ووشـەیەش لە (خەفەکردن) = بێدەنگ کردنی کوردی یەوەیە نەك لە سەر چاوەی عارەبیەوە.

(81) ـ چویمە ـ لە دەقەکەدا (چومە) نوسراوە.

(82) ـ طشتەکی = چشتێك، شتێك، چتێکی.

(83) ـ ئەم نازنــاوەی (مــوفتـی) کە گوایــە بە (مــەلا محـەممـەدی ئیرسیان) بەناوبانگ بوە، وەك لەم چیرۆکی (ژابـا)یـەدا هاتوە ئەمە لە سەرچاوەیەکی ترودەمدەمیش د انیــەو ئەشـێ لە ناو هەنــدێ لە هادال و دۆستی نزیکی (مـوفتی)دا کە نهێنیـەکـەی لێ ئاشکـرا کردون، وەهـای پێ‌وترابێ بۆپێکەنین و خۆشی و ئەوەش شتێکی ئاسایە.

(84) ـ وادیـارە، گێرەرەوەی ئەو چیروکەو نووسەرەکەیشی لە ژیــانی (مــوفتی) لە (سلەیمـانی) بەولاوەی ئاگـەدار نەبـوون، بۆیـە، بەلایانەوە وابوە کەهەر لە (سلەیمانی)دا ماوە، وە نەوەی ئەویش لەوێن.

ئیتـر دەسکێ گوڵ ودەسکێ نێـرگـز، مەرگی کەستـان نەبینم هەرگیز.

- سڵاوی گەرم بۆ دایکی شەهیدان.

- ئافرەتانی عیراق، قارەمانان پێ ئەگەیێنن

- عیـراق مەزنـە بە گەلـەکـەی، مەزنـە بە سوپـاکـەی مەزنـە بە سەرکردەکەی صدام حسێن.